# ئایندەی کوردستان لە بارمتەی پۆستی سەرۆك کۆماردایە

ئاسۆ کمال *

درێژەکێشانی کوژرانی ڕۆژانەی دەیان کەسی مەدەنی و سەدان کەس لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا ، دنیای بەرامبەر بە خەتەری شەڕی ناوخۆی نیوان هێزە شیعە و سونەکان ڕاکێشاوە. ئەمریکا کەوتۆتە خۆی بۆ دانانی نەخشەی خۆپاراستن و بەریتانیا کشانەوەی بەرەبەرەی هێزەکانی دەست پێکردوە و تورکیا و وولآتانی عەرەبی بەدوای پەیداکردنی شوێن پێیانەوەن لەکاتی سەرتاپاگیربوونی شەڕی ناوخۆ و تێکچوونی شیرازەی عێراق ، وە هەورەها ئێران و سوریاش خەریکی بەهێزکردنی لایەنەکانی شەڕ و تیرۆریزمن. بەلآم نەخشەی یەکێتی و پارتی لە چوارچیوەی پۆستی سەرۆك کۆماری و پۆستە وەزاریەکاندا دەخولێتەوە و دەوریان لە ناوبژیوانی سونە وشیعەوە بوەتە یاریکردن لەسەر پەتی ناکۆکیەکانی سونە وشیعە لەسەر دەسەڵاتی حکومەتی تازە. ئیتر دوای سەرگرتن یان نەگرتنی ئەم حکومەتە و لە درێژەکێشانی شەڕی ناوخۆی عێراقدا خەتەرە ناوخۆیی و ناوچەییەکان چی دەبێت لەسەر کوردستان مەسەلەی یەکێتی و پارتی نییە و لەم نێوەدا ئایندەی کوردستان کراوەتە بارمتەی پۆستی سەرۆك کۆماری بۆ تاڵەبانی.

سەرتاپاگیربوونی شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا بەقسەی یەلمای خەلیل زادە ئەفغانستانی ژێرسایەی تالەبان دەکاتە یاری منالآنە لەچاو ئایندەیەکدا کە لە عێراق دەخولقێت. ئەم واقعیەتە تەوازنی هێزەکانی شیعە و سونە و حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان دەگۆڕێت و عێراق دەخاتە نێو هاوکێشەیەکی ئاڵۆزی شەڕی هێز و بەرژەوەندیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکانەوە ، کە هەموو ئیدعا بێپایەکانی ئێستای مەسعود بارزانی لەسەر پاراستن و سەربەخۆبونی کوردستان لەکاتی شەڕی ناوخۆی عێراقدا بەئاسماندا دەبات. هەربۆیە لەسیناریۆی شەڕی ناوخۆیی عێراقدا کوردستان دەبێتە پاشکۆی ئەو تەوازنی هێز و لایەنە دەرگیرانەی چارەنوسی عێراق و یەکلاکردنەوەی شەڕی ناوخۆ لە عێراقدا دەبەستنەوە بە دابینکردن و ڕیکەوتنەوە لەسەر بەرژەوەندیە ناوچەیی و نیودەولەتیەکانی خۆیانەوە. لایەنەکانی شیعە وسونە لە عێراقدا لە چوارچیوەیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا ئێستا کاردەکەن و ئەجینداى شەڕی ناوخۆی عێراق بەشێك لە ئەجینداى شەڕی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و ئیسلامی سیاسی و دەوڵەت وهێزە نەیارەکانێتی لە ناوچەکەدا و بەشێکە لە کێشەی جیهانی عەرەب و غەرب . بەم پێیە چارەسەری هەر کێشەیەك لە عێراقدا بەکێشەی کوردیشەوە لەم چوارچیوەدا مامەڵە دەکرێت و ئەمە لەلایەن ئەمریکا ڕۆشنە و لەسەرجەم هەنگاوەکانی دوای ڕوخانی بەعسەوە یەکیتی وپارتی لەلایەن ئەمریکاوە ناچارکراون کە پەیڕەوی لەم بنەمایەی سیاسەتی ئەمریکا بکەن و خەتە سوورەکانیان لەسەر کەرکوك و دەستور و فیدرالیزم و پۆستەکان کاڵ بکەنەوە و لە دەورێکی فشار کە بۆیان دیاریکراوە زیاتر نەڕۆن.

ئەم شەڕی ناوخۆیە بەدامەزراندنی حکومەتی تازە لەسەر سەری عێراق لاناچێت ، هەر ڕێکەونێکیش لەسەر حکومەت لە سایەی ناجێگیری تەوازنی هێز و ناکۆکیە قوڵەکانی ئەمڕۆدا بۆ فراوانترکردنەوە و سەخترکردنی ئەم شەڕی دەسەلاتەیە . وەزعیەتی ئێستا بەرهەمی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەیە کە قەرار بوو بە بەشداری سونەکان تیرۆر و نائەمنی لە عێراقدا کەم بکاتەوە. خولانەوەی یەکیتی وپارتی لەبازنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری و لابردنی جەعفەریدا ڕێگایەکە تەنها بە دەردی ئەم حزبانە دەخوات بۆ سیاسەتی ئەمڕۆ بەسبەینێ کردنی مانەوەی دەسەلاتی میلیشیاییان لە کوردستاندا و ئایندە و چارەنوسی کوردستانی لەبەردەم خەتەری کەوتنە ژێرپێی ئەو شەڕە ناوخۆ و دەستیوەردانە سەراسەریەی عێراقەوە هێشتۆتەوە.چارەنوسی کەرکوك و دیاریکردنی پەیوەندی سیاسی و ئابوری و دەستوری نێوان کوردستان و عێراق لەسایەی سێساڵی ڕابردوودا نەك دیاری نەکراوە و بەهەڵواسراوی ماوەتەوە بەڵکو بەهەنگاو لە

**ڕێگەی دەسەلاتی حکومەتی و دەستوری و هاوسەنگی هێزە ناوخۆیی و ناوچەییەکانەوە بەرەو پاشکۆیەتی زیاتر براوە.**

**ئێمە لە کەمپین و کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە ئایندەی ئەم بەناو پرۆسە سیاسیەی عێراقی کردۆتە مەیدانی شەڕێکی نەبڕاوەی تایفی و قەومی دەرخست و بانگەوازی خەڵکی کوردستانمان کرد کە نەچن بۆ هەڵبژاردنەکان و دەنگدان بەو هێز و دەستورە کۆنەپەرستانە وە دەنگ بۆ داوای رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان بەرزبکەنەوە و ئەم ڕێگایە وەك ڕێگاچارەی خۆیان هەڵبژێرن. ئێستا ئەو ڕۆژە خەتەر و چارەنوس سازانەیە کە چارەنوسی دەیان ساڵی داهاتووی تێدا دیاری دەکرێت و زەنگی خەتەری کاریگەری شەڕێکی نەبڕاوەی ناوخۆیی و دەستێوەردانی ناوچەیی لەسەر سەری خەڵکی کوردستان ڕاوەستاوە و دەبێت خەڵکی کوردستان بەشوێن ڕێگەچارەی خۆپاراستن و ڕزگاربوون بێت لەو شەڕە. کارکردنی سیاسی و جەماوەری بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی کوردستان بەدەوری ڕێگا چارەی سەربەخۆیی و جیابونەوەی کوردستاندا ئەو نەخشە و سیاسەتە دروستەیە کە ئێمە ڕایدەگەیەنین و داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسی و جەماوەریەکان دەکەین کە بێنە مەیدان بۆ کارکردن لەپێناو بەدیهینانیدا و چیتر ڕێگا نەدەن ئایندەی کوردستان لە بارمتەی پۆستی سەرۆك کۆماری و بەشە دەسەلاتی یەکێتی وپارتیدا ببێتە قوربانی.**

2006/03/14

* **بەرپرس لە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**